# ڕۆمانی خەم

ئەحمەد دەشتی




ئای کە دووری ژان و برینە
ئای تاراوگە مەرگی ژینە
هەموو ڕۆژێ
ڕۆمانی خەم دەنوسمەوە
لەم غوربەتە دوورە دوورەم
ئەسرین لە چاو دەسڕمەوە
بۆیە دەڵێم دەڕۆمەوە
دەڕۆمەوە بۆ نیشتمان
بۆ سەربەرزی و دوورە گریان
باڵی ئەوین دەکەمەوە
ڕو لە خاکم پەرواز پەرواز
دەڕۆم بەرەو هەواری ڕاز
دەچمەوە لای ئازیزانم
لای هەڤاڵ و سەروەرانم
هەتوان دەکەم
جەستەی کوان و برینانم
ئاسۆی ڕوونی بلندی کورد
دەبینمەوە
لە گەڵ دۆست و یارانی خۆم
بەرەو ڕۆژی
سەربەخۆیی خاکم دەڕۆم
چی ئاوازی غەریبیە
چی نیگبەت و بەد بەختیە
لەم وەلاتە پر حەسرەتە
لە خەرەندی فەرامۆشی
جێ دێلم و ونیان دەکەم
لە هەوارە شـــیرینەکەم
بەهاری شادی دێنمەوە
کڕنووش لە بۆ دارو بەردو
چیاو چۆلی خاکم دەبەم
لە سەر گلکۆی ئازیزانم
چەپکە گولی ڕەنگاو ڕەنگی
زەنوێرانی نیشتمانم
دادەنێم و دەڕوێنمەوە
خۆلی ژێر پای خۆشەویستان
را دەمووسم و
ڕۆمانی خەم دەسوتێنم و
بۆ هەتایە دەینێژمەوە
دەچمەوە ناو شاری دیرین
لەم تاراوگە
نەهامەتی دەبڕێنمەوە
لە گەڵ دۆست و یارانی خۆم
لەناو زێدی گراوی خۆم
نەورەسەکان دەژیێنمەوە
هەوری خەفەت هەڵ دەبڕم و
سەربەرزی ژین دەنوسمەوە
ئای میحنەت و خەمم هەڵگرت
وای ئازارو چاوەروانی و
ڕەنجم کێشاو
نوقمی دەریای ئەسرینم بووم
دەمێ نەبوو بلێم ئـۆخەی
لە گولخەنی غەریبی دا
هێندە گریام توامەوە
بوومە برین و ئازار و وەی
بۆیە چیتر لەم دووریە نامێنمەوە
دەرۆمەوە دەڕۆمەوە
تا نەمردووم
خزم و کـەس و واری شیرین
دەبینمەوە
تف لە دووری و نامۆیی ژین
لە نەگبەت و دەربەدەری
لە تاراوگەی پڕپڕ برین

به یادی دووری وغوربەت و خەم وئازارەکانی ساڵەهای ساڵی هەندەران